# تۆ ئەگەر مەر نەبیت شوانیشت نابێ !

**کامیل فەخرەدین**

**هەموو جارێك برادەرەکەم ماتەمینی دایدەگرێ ...کەڵێی دەپرسم ..چیتە ؟**

**لەبەر خۆیەوە بۆ ڵەیەك دەکات ...ئەگەر یەکیکی دی گوێگر بێ هیچی لێ تێناگات ..بەڵام من راهاتووم کە تێی بگەم**

**چونکە هەموو جارێك رستەیەك دووبارە دەکاتەوە ...**

**برادەرەکەم ئەگەر لێی بپرسی چیتە ؟**

**دەڵێ : زۆر جار وا هەست دەکەم مە حکەمە دەکرێم لەسەر کارێك کە نەمکردووە .**

**منیش یەکسەر لەدوای گوێگرتنم لە رستەی برادەرەکەم ...بەسەر هاتی (مەرو شوانەکەم ) بیر دەکەوێتەوە**

**مەرێك هەموو جارێك لەلای مەرەکانی هاوەڵی گلەیی دەکات کە شەوانە شوانەکەی ئازاری ئەدات**

**...مەرەکانی دی دڵی ئەدەنەوە و دەڵێن : گوێ مەدەرێ شوانەکە ئازارمان بدات باشترە لە پەلاماری گورگ.**

**دیارە پرسیارێك ئامادە دەبێ لە نێوان ماتەمینی برادەرەکەم و گلەیی مەرەکەدا ...کە چ پەیوەندیەك هەیە لەنێوانیاندا ...برادەرەکەم سێبەری تارمایی دەسەڵاتێك لە سنوری کارکردنی دا ئەو هەستەی لا دروست کردووە.**

**تارمایی دەسەڵاتیش بۆ مەرەکە ..شوانەکەیە.**

**کەواتە برادەرەکەم و مەرەکە تارمایی دەسەڵاتێك تووشی ئەو حاڵەتەی کردوون .**

**مادام برادەرەکەم و مەرەکە یەك حاڵەتی هاوبەشیان هەیە کەواتە وەك یەکن .**

**قبوڵی برادەرەکەم بەو حاڵەتە لەبەر ئەوەیە نان براو نەبێ.**

**قبوڵی مەرەکەش بەو حاڵەتە لەبەر ئەوەیە گورگ نەیخوات .**

**برادەرەکەم دەڵێ : هەست کردنم بەوەی کە رۆژانە مەحکەمە دەکرێم لەسەر کارێك کە نەمکردووە ..باشترە لە نان براوی !**

**مەرەکەش دەڵێ : شوانەکە ئازارم بدات باشترە لە پەلاماری گورگ.**

**کەواتە قبوڵی هەردووکیان بەو حاڵەتە بۆ نەبونی (باشترین) ە ...خۆ ئەگەر کرداری باشترینیان لا دەست بکەوتایە ئەوەیان قبوڵ نەدەکرد .**

**لەم رۆژانەدا برادەرەکەم زۆر کەیف خۆش بوو ..گوتم : چۆنە وا دڵخۆشی ؟**

**گوتی : باشترینم دۆزیەوە .**

**باشترین چیە کە دۆزیتەوە ؟**

**سەفەرە بۆ دەرەوەی نیشتمان !**

**ئا لێرەوە بابەتێك هات بە خەیاڵمدا ئەگەر جۆرە پچرانێك دروست بکات هەوڵ بدەن ئاسایی بێ رتان لەبەر ئەوەی لە خزمەت نووسینەکەدایە .**

**پرۆسەی ریفۆرم کارکردنە لەسەربەرهەمەکانی شۆ رِش ....مانای شۆرشیش گۆرینی رەشە بۆ سپی .**

© Kurdistan Net

من وای بۆ دەچم کە کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی  بە ریفۆرم هەیە بۆ  چاکسازی  کۆمەڵایەتی ..چۆن دەکرێت ؟ چیبکەین ؟  باسێکی دیە .

ناکرێت لە کۆمەڵگەیەکدا چەند سەربازگەیەك هەبێ   ..سەربازگەی رەش و سەربازگەی سپی   چونکە رەش یەکسان نابێ بەسپی دوورەنگی   جیاواز  زۆر جیاوازن  لەمابەینی رەش و سپی دا تێنەگەیشتن هەیە یان دوو هیڵی   تەریبن.

سەربازگەی رەش حەز دەکات درێژکراوەی هەبێت و لەسەردەمە سپیەکاندا بە شۆین خۆیدا دەگەرێ  .  .بەڵام بێ پرسیار ..سەربازگەی رەش حەز دەکات کۆمەڵگایەك هەبێ هەموویان مەر بن ...تا هەست بەبوونی خۆی بکات .

سەربازگەی سپیش دەیەوێ رەشەکان کاڵ بکاتەوە نەك بیانسرێتەوە (...کاڵ..کاڵتر ..کاڵ ) تا سپی دەبنەوە .

سەربازگەی رەشیش  دروشمی (مەڕ ..مەڕ ..مەڕتری )بەرزکردۆتەوە ....ئەوەی لەنێوان رەش و سپی دان بەدوای

باشتریندا دەگەرێن و  باشترین دەدۆزنەوە  کەسەفەرە بەرەو دەرەوەی بازنە .

بۆیە برادەرەکەم  دەڵێ: سەفەر دەکەم  ..ئەگەر نا.. دەبێت ببم بەبەشێك لەدەرەوەی بازنە لەئێتساش دا چوونە دەرەوەی بازنە چارەسەر نیە بەقەد ئەوەندەی تێکشکانی ئیرادەی خۆمە کە ئیرادەکانیش تێکشکا ئیتر مانایەك نامێنیبۆ ئازادی .

لەبەر ئەوەی تارمایی شوانەکە هەموو کات ئامادەگی هەیە .

شوانیش هەمیشە پێویستی بەستایش و پیا هەڵدانی مەڕەکان   هەیە  بۆ ئەوەی تاقەتی هەبێ لەدەست گورگەکان رزگاریان بکات.

چونکە شوان ئەو کاتە هەست بەبوونی خۆی دەکات  کە بەرگری لەمەڕەکان دەکات .

دەسەڵا تیش ئەو کاتە هست بە بوونی خۆی دەکات کە بەرگری هەبێت.

برادەرەکەم دەڵێ:  ئازادی هەیە ..بەرچاویشە بەڵام کێشەکە لەمومارەسەی ئازادی دایە ..بۆ نموونە :هیچ کەس یان هیچ  سانسۆرێك نیە بۆ ئەوەی تۆ بەئازادی بیر نەکەیتەوە وەڵێ دەستورێك یاسایەك رێسایەك نیە کە پاریزگاری لە بیر کردنەوە ئازادانەکەی تۆ بکات .

برادەرەکەم  هەندێك بیروباوەری سەیرو سەمەرەی  لا گەڵاڵە  بووە نایدرکێنێ  دەڵێت کام رێسا ..یاسا.. پشتگیرمە..

بۆیە هەمیشە   وا هەست دەکەم ( مەحکەمە دەکرێم لەسەر کارێك کە نەمکردووە ).

دەڵێن (ئەوەی توانای دەربرینی بیرو باوەری خۆی نەبێ  کۆیلە یە)

پرسیار ئەوەیە  > خەڵك کەی لە دوودڵی بوونی ئازادی رزگاری دەبێ<

رۆشنبیر  هەمیشە  گومانی هەیە ( ئایا بوون و نەبوونی ئازادی دەچێتە  قاڵبی ئەو گومانەوە)؟

کاتێك کە خەریکی  ئەم  نووسینە  بووم  نازانم  بۆ  هەمان هەست و گومان لام دروست بوو  بەڵام ناوی ئەم بابەتە

بە هۆش خۆمی هێنامەوە کەدەڵێ : (تۆ ئەگەر مەڕ نەبیت شوانیشت نلبێ).

www.kurdistannet.org
06/05/2002 23:49

**٢٠٠٢-٤-٢٨**

© Kurdistan Nêt